سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران پێشوازی لە سەرۆک کۆمار کرد

ئەمە دووشەممە، عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆماری کۆمار و محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هەوڵکانی ئاوارکردنی فەلەستینییەکانیان ڕەتکردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند" سەرۆک کۆمار ئەمە لە بەغدا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران کۆبووەوە و لە میانی دیدارەکەشدا ڕەوشی سیاسی وڵات ومیکانیزمەکانی هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار لە پێشکێشکردن و پەسەندکردنی یاسای گرنگ تاوتوێ کران.

هەروەها وتی" لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پێشهاتەکانی ڕەوشی کەرتی غەزە و گرنگی هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان بە ڕاگرتنی دەستدرێژی و بەردەوامی بەردوامانکردنی خێکی سڤیل کرا. هاوکات هەوڵستی پتەوی جەماوەری و فەرمی عەراقیان دووپاتکردەوە لە ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵێک بە ئاوارەکردنی فەلەستینییەکان و مافی گەلی فەلەستینی لەو دامەزراندنی دەوڵەتەکی فەلەستینی بە پایتەختی قودسی پیرۆزەوە.